# دیکتاتۆر نیت .. دیکتاتۆریش نەبوویت!!



محەمەدی مشیر
Muhammad_mushir@yahoo.com

ئەم ناونیشانەی سەرەوە دەقی قسەی ئەو حاکمەیە کە ئێستا لە سەر دۆسیەی ئەنفال دادگایی سەدامی دیکتاتۆرو شەش کەس لە دەستوپێوەندەکانی دەکات .حاکمی دۆسیەی ناوبراو(عبدالله العامری) لە حەفتەمین دانیشتنی دادگاییکردنەکەدا دوای دەمەتەقەی یەکێ لە شکاتکاران کە باس لەوە دەکات چۆن کاتی ئەندامانی خێزانەکەی ئەنفالکراون چۆتە لای سەدامی دیکتاتۆرو داوای لێکردووە ئازادیان بکات یاخود هەرهیچ نەبێ چارەنووسیان بزانێت ، بەلاّم سەدام بە تورەییەوە تێیڕاخوڕیوەو دەری کردۆتە دەرەوە ... ئا لەو دەمەتەقەیەدا ،دوای ئەوەی شکاتکار بە سەدام دەڵێ تۆ دیکتاتۆریت، سەدامیش لە وەلاّمدا دەڵێ گەر من دیکتاتۆربم چۆن توانیت بگەیتە لام ...دادوەری ناوبراو رووەدەکاتە سەدام و پێی دەڵێ : تۆ دیکتاتۆر نیت .

سەدامیش بە زەردەخەنەیەکی شەیتانییەوە روو دەکاتە دادوەری ناوبراو دەڵێت : بەڵێ !! دواتر بۆ جەختکردنەوەی زیاتر لە سەر هەمان هەڵوێستی نادروستی خۆی دادوەر بە ئەنقەست دووپاتی دەکاتەوەو روو دەکاتە دیکتاتۆرو دەڵێ: تۆ دیکتاتۆر نیت و دیکتاتۆریش نەبوویت !!

سەدام لەوەتەی دەسەلاَتی گرتە دەست ولە سالّی 1979 دا بە فەرمی بووە سەرۆك كۆماری عێراق تا بەر لە رووخانی هەرگیز كەس جورئەتی نەكردووە تەنانەت هەر بۆ روونكردنەوەو بە شان و بالّدا گۆتنیش پێی بلّێت تۆ دیكتاتۆر نیت، بەلاّم لەوەتەی لە سەر تەختی دیكتاتۆریەت لادرا و خۆی لە قەفەسی تاوانەكانیدا دەبینێتەوە بەم قسەیەی دادوەر سەرسام دەبێت چونكە لە رۆژی دەستگیركردنیەوە تا ئێستا (پێشتریش كە لە سەر دۆسیەی دوجێل دادگایی كرا) قەت گوێی لێنەبووە یەكێك دادگایی بكات و پێی بلّێ تۆ دیكتاتۆر نیت، ئەمە یەكەمین جارە گوێی لە قسەیەكی ئاوا بێت ، بۆیە هەر بە زەردەخەنەوە سوپاسی دادوەری كرد. بەرەنجام دادوەر بەوەندەش رازی نەبوو بەلّكو بەردەوامبوو لە سەر قسە نابەجێ و قێزەوەنەكانی و گوتی : گەل یان ئەو بەرپرسانەی لە دەورووبەرین(مەبەستی لە دەورووبەری سەدامن ) دیكتاتۆر دروستدەكەن !!

ئەمەی سەرەوە پوختی ئەو دەمە تەقەیە بوو كە لە نێوان حاكمی دۆسیەی ئەنفال و سەدامی كۆنە دیكتاتۆری عێراق لە دانیشتنی حەفتەمی دادگاییكردنەكە لە 2006/9/14 دا روویدا . بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرەتا ئاماژە بەوە بكەم كە ئاساییە هاونەتەوەیەكی سەدام، كە لە بەرگی دادوەر لەم دادگاییكردنەدا نوێنەرایەتی گەلی عێراق دەكات ، ئەگەر هەستی شوڤینستانەی نەجولاّبێت مەحالّە ئاوا بەو شێوە زەق و بەرچاوە لە خودی دیكتاتۆر باشتر داكۆكی لە دیكتاتۆر بكات و وەك ئەوەی لە بیری چووبێت كە دادوەرەو پێویستە بە شێوەیەكی بێلایەنانە دانیشتنەكانی دادگاییكردنەكە بە پێی یاسا بەرێوەببات و پتر كار بۆ " احقاق الحق" بكات نەك بە شان و بالّی دیكتاتۆردا هەلّبدات . ئەمە تەنها رووێكی كێشەكەیە كە نیشانی دەدات چۆن شۆڤینستانی عەرەب تەنانەت لە بەرگی دادوەرییشدا بەردەوام هەولّی پەردەپۆشكردنی تاوانە گەورەكانی سەركردە دیكتاتۆرەكانیان دەدەن و هەرگیز ناتوانن رقی شۆڤینستانەو دژە مرۆڤانەی خۆیان بشارنەوە و دان بە خۆیاندا بگرن ، ئەگەر پێویستیش بكات تێكرای گەل تاوانبار دەكەن تەنها بۆ ئەوەی پەرێزی دیكتاتۆرەكانیان پاكبكەنەوە. رووی دووەمی ئەم كێشەیە لەوەدایە كە بپرسین ئاخۆ ئەو هەموو ئەندام پەرلەمان و وەزیرو بەرپرسانەی لیستی هاوپەیمانی كوردسان چ كارەن لە بەغداو تا چەند ئاگادارن لە چۆنیەتی بەرێوەچوونی دانیشتنەكانی ئەم دادگاییكردنە كە لە سەر تاوانێكی مەزنی وەكو ئەنفال

بەڕێوە دەچێت و 182000 مرۆڤی کوردی تێدا هاتە قڕان و پتر لە 4500 گوندی کوردستانی تێدا خاپوورو سوتماککرا؟؟

ئەوەی کە پێویستە بەرامبەر بەو هەڵویستە نابەرپرسانەو شۆڤینستانەی دادوەری ناوبراو ئەنجامبدرێت، ئەوەیە کە سەرتاسەری شەقامی کوردستانی و کەسوکاری ئەنفالکراوان بپڕژێنە سەر شەقامەکان و دەنگی نارەزایی بەرز بکەنەوەو داوابکەن دادوەری ناوبراو دادگایی بکرێت بە تۆمەتی داکۆکی کردن لە دیکتاتۆر و تاوانەکانی و دادوەرێکی دادپەروەر و بێلایەن و رەوشت بەرز بۆ دۆسسیەی ئەنفال دەستنیشانبکرێت و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش چیتر رێگا نەدات ئاوا بەم شێوەیە سووکایەتی بە کێشە گەورەکانی خەڵکی کوردستان بکرێت و سیناریۆی لەم تەرزە بەردەوامبێت !!